# خورمژ. . !

**نورەدین سەعید وەیسی**
nuradinwaisi@hotmail.com

**به حوکمی ئەوەی من له نزیکەوەکاک ئیحسان عوسمان دەناسم، بۆیه گەلێکم پێ سەیرو ناخۆش بوو ئەو هاوڕێ‌خۆشەویستەم بەهەڵەلەوتارەکەم (لەموریتانیاوەبۆتەوێڵەوەوبیارە)گەیشتووە، چونکه ئەوەی بەوردی وتارەکەمی خوێندبێتەوە تێدەگا که من به گاڵته جارێیەوە نووسیومە دامەزراندنی وەزارەتی کاروباری عەولەمەو گەیاندنی هێڵی ئینتەرنێت به تەوێڵەو بیارە رەنگه ببێته هۆی ئەوەی موجاهیدانی (انصار الاسلام)لەبەر سەیرکردنی سایتەکانی(القاعده) هێنده فریای ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی نەکەون. . !**
**ئەگەرچی من لەو باوەڕەدام که هەژاریو داخراوی ژینگەو دەوروبەر، ڕۆڵیان لەنەشونما کردنی توندرەویبەگشتی و توندرەوی ئاینی بەتایبەتی هەیه، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕایەی کاک ئیحسانیش دام کەسەرگەرمکردنی خەڵک به شتی لا بەلاهەرگیز چارەسەری ریشەیی نین بۆ بنبڕکردنی کاری تیرۆریستی. .**
**من پێموایه جیا له داخراوی کۆمەڵگەی ئێمه کەلەژێر هەژموونی دەیان دابونەریت وبه های به موقەدەسکراو دایه، بەئایین کردنی سیاسەت وپیادە کردنی سیاسەتی ئاینیش لەلایەن حزبه دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا هۆکارێکی گرنگی گەشەسەندنی توندڕەوی ئاینییه له کومەلگەی کوردستاندا، چونکه بەداخەوە گوتاری سیاسی حزبه بەناو عەلمانییەکانی ئێمه جیاوازییەکی ئەوتۆی نییه له گەڵ گوتاری حزبه ئیسلامییەکان، هەتا ئەم گوتارەش بەردەوام بێت ئەستەمه بتوانرێت سنوورێک بۆ توندڕەوی ئاینی له کوردستاندا دابنرێت. .**
**بەلای منەوە هیچ جیاوازییەک نییه له نێوان گوتاری ئەو مەلایەی که له رادیۆ و تەلەڤزیۆنی حزبی دەسەڵا تتدارو حکومەتی کوردستاندا به ئاشکرادژی ئازادییه شەخسییەکان قسه دەکات و دەست دەخاته نێو کاروباری ژیانی تایبەتی خەڵکەوەو لەبری ئەم قسانەش مووچەوپاداشت وەردەگرێت، لەگەڵ گوتاری ئسلامییەکان که بەهەمان زمان قسه دەکەن. .**
**حزبه بەناو عەلمانییەکانی ئێمه له کاتێکدا شا ڵاوێکی هەمه لایەنەی ڕاگەیاندنیان لەدژی بێ حورمەتیکردنی تاقمی(انصار الاسلام)بەرامبەر گڵکۆی شێخانی نەقشبەندی بەرپا کردووەو پێیان وایه ئەمه سوکایەتیکردنه به موقەدەساتی کۆمەڵگەی کوردەواری، کەچی له بەرامبەر قەتڵوعامکردنی ژنان بەناوی شەرەف کرینەوەو سووکایەتیکردن به ئافرەتانی سفوور وپێشێل کردنی ئازادییه شەخسی وکۆمەڵا یەتییەکانی خەڵکی کوردستان به تەواوی بێ دەنگن!!**
**دەسەڵا تی سیاسی کوردستان تا ئێستا خۆی یەکلا نەکردۆتەوە که دەسەڵاتێکی عەلمانییه یا دەسەڵاتێکی ئیسلامی، چونکه ناکرێ ئەم (خورمژ)ییه تا سەر بەردەوام بێت. . !**

www.kurdistannet.org